# گونجاو نییە بۆ مسوڵمانێک شتێک هەبێت وەسیەت سەبارەتی بکات؛ دوو شەو بەسەریدا تێپەڕ ببێت و وەسیەتەکەی لە لای نەنووسی بێت

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «گونجاو نییە بۆ مسوڵمانێک شتێک هەبێت وەسیەت سەبارەتی بکات؛ دوو شەو بەسەریدا تێپەڕ ببێت و وەسیەتەکەی لە لای نەنووسی بێت». (مسلم) زیاتر دەگێڕێتەوە، ئیبن عومەر دەڵێت: «هیچ شەوێکم بەسەردا تێپەڕ نەبووە پاش ئەوەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوەی فەرموو؛ وەسیەتە نووسراوەکەم لە لام نەبووە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

دروست وگونجاو نییە بۆ کەسێک کە شتێکی هەیە دەیەوێت وەسیەت وڕێنموێنی سەبارەتی بکات وڕوونی بکاتەوە؛ پشتگوێی بخات هەتاوەکو ماوەیەکی زۆر بەسەریدا تێپەڕ دەبێت، بەڵکو دەبێت پەلە بکات لە نووسینی وڕوونکردنەوەی، ئەوپەڕی ماوەی ڕێگەپێدان یەک شەو یان دوو شەوە. بۆیە ئیبن عومەر -ڕەزای خوایان لێبێت- پاش ئەوەی ئەم ئامۆژگاریەی پێغەمبەری بیست -صلى الله عليه وسلم- بەردەوام بوو لەسەر نووسینی وەسیەتەکەی هەموو شەوێک، ئەمیش بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی شەریعەت، وبۆ ڕوونکردنەوەی هەق وڕاستی. وەسیەت دوو جۆرن: 1/ سونەت (موستەحەب)، ئەوەی بۆ کردەوە سونەتەکانن لە پەرستنەکان وکردەوە خێرەکانی تر. 2/ واجب، ئەمیش لەو مافانەدایە کە واجبە، کە هیچ بەڵگەیەک نییە بۆ دووپاتکردنەوەی لە پاش مردنی چونکە بنچینەیەکی شەرعی هەیە دەڵێت: (هەرشتێک بەهۆیەوە واجب جێبەجێ ببێت؛ ئەویش واجبە)، وئیبن دەقیقی عید دەڵێت: ئەم فەرموودەیە ئاماژەیە بۆ جۆری واجب.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5831